# عاشقانە

## پۆلێك شیعری ماریا مۆرسێمارسێل



لە فارسیەوە: شنە نووری

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات





(1)

مەمکم جووتەباڵندەن

لەقەفەسدا

ئەودەمەی قامکەکانت

هەرلەسەرجلەکانەوە

دەست بەگوڵ وگەڵاکانیدا دەهێنن!

بەڵام کاتێك گوڵ وگەڵاکان

بەردەبنەوە بۆسەر زەویو

تۆش داسی هەوەس هەڵدەگری

دەبنە دووماسی هەڵاتوو لەدەستانتو

بەرەو قەڵا بە بەفرداپۆشراوەکانی دەریا دەڕۆن

(2)

کاتێك وەك کچۆڵەیەك ڕووتیت، ئەڤینت لەدڵ هەڵدەگرم

وەك لەپیدەشت،وەك دەنگێکی ناسکو بەرز

کە لەسەرلقێک پرووتەوەبانگم دەکات

وەك ماسیەك کە قولاوەکان لەبیردەکات!

وەکو ماسییەکی ترساو، بەقولابی دەمیەوە

لەخەیاڵدا،لەهەوەسدا

چەشنی خوێنێکی ڕۆچوو

ڕووت ڕووت وەك وخوێن

کاتێك وەك چەقۆیەك ڕووتیت،ئەڤینت لەدڵ هەڵدەگرم
وەك گەڵایەكی سەوزی بەدیاریەێنراو، وەك گرمەی هەورەبروسکە
کەسووتنەر و کوێرکەرە،وەك پەلکەگیا، وەکوباران
وەك وسێبەریماتی من، بەڕووتیی لەو دیوئاوێنەیەکەوە
هێندەی ڕووتیی مەمکێکی نوساوبەلێومەوە
وەکو دەمەداچەقەی پیرەپیاوێکی بێددانی ڕووەو مەرگ
بەبێچەکی وبە ناتەواوی توانەوە



(3)

شەومنی بەزەویدادا
ددانەکان وگەرووی
سوورن بەخوێنی ئاڵی من
لە ژێربەردەکانەوە
دوپشکێك
سەمادەکات، سەمادەکات
بارانبەکاوەخۆ
خۆی دەخزێنێتە ژوورەکەم
ڕێپلەیتاریکی ئاوات
هیچ پلیکانەیەك شکنابات

(4)

کاتژمێرەکان

لەسەرپێستم سەما دەکەن

تەنیایش

بەدڕکە وردەکانیەوە

بەپێخاوسی پەیدادەبێت

(5)

یەکەم جارگوێیەکانیان کونکردم

لەو کاتەوە منیش گوارەم کردووەتە گوێ

(6)

وەك ماسییەکی بێپاسکیل

لە نێوان شەپۆلاندا

بە دووی دڵمدادەگەڕێم

پێکەکەم بەرز دەکەمەوە

بەرەو ڕووی مانگی مردوو

وای لەو شەڕابە شیرینە!

